Kurdistannet
کوردستان نێت

# تێڕوانینی فارابی بۆ ئەفلاتون و ئەرستۆ
# لەنێوان لایەنگیری فەلسەفەو لایەنگیری راستیدا

نوسینی/ علی حرب
و/ عمر علی محمد

---

دەتوانین بڵێین کە کرۆکی بابەتی لێکۆڵینەوەکەمان. بریتی‌یە لەتێڕوانینی فارابی بۆ ئەفلاتون‌و ئەرستۆ لەدوو گۆشە نیگاوە، یەکەمیان مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو سێ بیرمەندەدا کە بوارێکی فیکری بە یەکیانەوە دەبەستێت. مەبەست لەم بوارەش بواری فەلسەفەیە کە لەسەردەمی ئیغریق دا دامەزراوە، لەڕێی ئەم لێکۆڵینەوەیەوە دەمانەوێت تێڕوانینی ئەم فەیلەسوفە بخەینەڕوو بۆ هەردوو فەیلەسوفەکەی پێش خۆی و زانینی هەڵوێستی لەئاستیانداو پەیوەندی پێیانەوە، وەزیادەڕەوی نی‌یە، ئەگەر بڵێم فارابی بە پلەی یەکەم فەیلەسوف بووە. لەسەر رێبازی یۆنانیەکان رۆریشتوەو لاسایی کردونەوەو لەسەر هەمان رێچکەی ئەوان بووە. هەروەها فەیلەسوفێکی مەشائی بوە بەشێوەی تایبەتی خۆی. لەبەرئەوە پێی وتراوە مامۆستای دووەم، لەرویەکی تریشەوە ئێمە دەتوانین تێڕوانینەکانی فارابی بۆ ئەو دوو فەیلەسوفە بخەینەڕوو، ئەویش لەگۆشەنیگای پەیوەندیەکانی نێوان دوو ژیارو دوو کەلتورو دوو سیستمی مەعریفی جیاوازەوە، ئەویش باس کردنە لەماناکانی پەیوەندی لەنێوان دوو جیاوازی‌و لەیەك دوور، لەڕوی لەیەکچونەوە، یان ئاڵوگۆڕو کارتێکردن یان کێبڕکی‌و پێکدادان. واتە گەرانمانە بۆ ئەم چەمکانە لەنێوان کەلتوری عەرەب‌و کەلتوری ئیغریق. لەنێوان فەلسەفەی یونانی‌و شەریعەتی ئیسلامیدا، لەنێوان جیهانی سروشت‌و رون کردنەوەو جیهانی بەڵگەو سەلماندن دا. فارابی هەرچەندە فەیلەسوق بووە. بەڵام جیاواز بووە لەدوو فەیلەسوفەکەی پێش خۆی لەڕوی کەلتورو مێژوو رەکەوەزە، وە دەتوانین بڵێین کە کۆمەڵێ: کەلتورو پێناس لەعەقڵ‌و ویژدانی ئەم بیرمەندەدا یەکتریان بڕیوە، فارابی بەرەگەز تورکەو بەزمانی نوسین عەرەبەو بەپێی شەریعەتیش مسڵمانە، سەرەڕای ئەوەی کە فەیلەسوف‌و مەشائی‌یەکی یونانی بووە. لەم روانگەوە دەتوانین بڵێین کە هەر فەیلەسوفێك بەجۆرێك لەجۆرەکان یونانیە، تێڕوانینی فارابی بۆ ئەفلاتون‌و ئەرستۆ تێڕوانینێکی تایبەتە لەنێوان کۆمەڵێك تێڕوانینی جیاوازو بەیەکداچوودا، کە عەرەب‌و مسوڵمانەکان گرتبویان لەفەلسەفەو هەموو زانستە هاتوەکاندا، فارابی نوێنەرایەتی جۆرێك لەو مل ملانێیەی دەکرد کە لەناوخۆی جیهانی ئیسلامیدا هەبوو لەنێوان دوو رەوتی فیکری‌و دوو دەسەڵاتی مەعریفی جیاوازدا، ئێستا باسەکەمان لە دوو رووەوە لێی دەدوێین، لەیەکچوون‌و جیاوازی، پێناس‌و نامۆبون،، داخران‌و کرانەوە.

بەپێویستی دەزانین کەپێش پشکنین و قسەکردن لەسەر تێڕوانینی فارابی بۆ ئەو دوو فەیلەسوفە بڵێین ئێمە هیچ جیاوازیەك نابینین لە تێڕوانینیدا بۆ هەریەك لەئەرستۆو ئەفلاتون، ئەگەر جیاوازیەکیش هەبێت لێرەدا جێگەی گرنگی ئێمە نییە، چونکە تێڕوانینی فارابی بۆ هەر یەکێکیان لەڕاستیدا تێڕوانین بووە بۆ ئەو فەلسەفەیەی کە هەڵیان گرتووە.

هەرچەند کە بەیەکسانی سەیرکردنیان زۆر مەبەستی بوەو گرنگی زۆری پێداوە لەدوای ئەمەوە دەگەڕێینەوە سەر کاکڵەی بابەتەکەمان و دەڵێین تێڕوانینی فارابی بۆ ئەفلاتوون و ئەرستۆ سێ رەگەز لەخۆدەگرێت.

یەکەمیان تێڕوانینی لقێك بۆ بنچینەکەی خۆی، فارابی، بەشێوەیەك مامەڵە لەگەڵ ئەم دوو فەیلەسوفە دەکات کە بنەماو سەرچاوەبن، هەروەك بەڕونی لەکتێبی (الجمع) دا بۆمان باس دەکات و دەڵێت (ئەم دوو دانایە دوو داهێنەری فەلسەفەن، وە سەرچاوەیەکن بۆ گەشەو هەر هەڵدانی یەکەمجاری و هەرئەوانیش بنەماکانیان داڕشتووە، هەر ئەوانیشن تەواوکەری ئەوانەی دوای خۆیان و لقەکانی تریشی، وە پشت بەوان دەبەسترێت لە زۆرو کەمیدا، وە هەر دەبێت ئەوان بکرێنە سەرچاوە لەئاسان و گرانیدا.

وە ئەوان باسیان کردوە لەبنەمای هەر هونەرێك، ئەوە بنچینەیەو دەبێت پشتی پێ ببەسترێت، چونکە دورە لەهەموو خلتەو کەموکورتی و ناتەواویەك وە زاراوەی بنەما (الأصول)یەکەم جار لەرەهەندی کەلتوری ئیسلامیدا بەکارهاتووە وە ئەمەش هۆکارێکی تیۆری بووە لەکرداری دروست کردن و بنیات نانی زانستەکانی عەرەبی ئیسلامیدا (بەبۆچونی د. محمد عابد جابری) وە ئەم زاراوەیەش لەبوارەکانی ئەبستمۆلۆجیای یۆنانیدا بەکارنەهاتووە، چونکە ئەم چەمکە لەلایەن عەقڵی عەرەبی و ئیسلامیەوە فۆرمەڵە کراوەو داڕێژراوە، ئەویش بۆ خۆگرێدانەوە بەسەرەتاوە کەزەمەنی پێغەمبەرایەتی بووە. وە لەم رێگەیەشەوە جارێکیتر پەیوەندی رێکخراوەتەوە لەنێوان ئەم گوتارەو گوتاری وەحی و هاتنە خوارەوەی.

ئەگەر زانایانی ئوصول لەشەرع و زمانناسەکان، چەمکی بنەمایان بەکارهێناوە بۆ تێڕوانینیان لەدەق، فارابیش هەمان چەمك بەکاردەهێنێنەوە بۆ خۆبەستنەوە بەپێشینەکانەوە، لەم روانگەیەوە بەجۆرێك دەیڕوانیە ئەفلاتون و ئەرستۆ کەوەك بنەمایەك وابن لەبواری فەلسەفەو زانستە عەقڵیەکان و لەهەموو زانستێکدا کەسود بگەیەنێت بەمەعریفەیەکی باوەڕپێکراو. وەبنەماکانیش جارێکیتر دەگێڕدرێنەوە بۆ زۆر مەبەست، ئەویش بۆ فێربوون لێیەوە، چونکە سەرەتایە، وەناتوانین زانیاری لەسەر شتێك فێربین بەبێ‌بوونی بنەمایەك یان زانستێکی یەکەمی، یان دەگێڕدرێتەوە بۆ ئەوەی شتێکی لەسەر بنیات بنرێت، چونکە ئەو بنچینەیەو بنچینەش شتی تری لەسەر بنیات دەنرێت و خوێندنەوەی تری بۆ دەکرێت یان ئەمە دەبێتە ستانداردێك بۆ پێوانی شتەکانی‌تر.

یان دەگێڕدرێتەوە بۆئەوەی بکرێتە هۆکارێك بۆ بەهێزکردنی بەڵگەکان و زاڵ کردنی رایەك بەسەر یەکێکی‌تردا، چونکە وەك سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو سەیر دەکرێت، وەهەموو سەرچاوەیەك (مەرجەع) جۆرێکە لەدەسەڵات وەئەگەر وردبینەوە لەتێڕوانینی فارابی بۆ هەریەك لەئەفلاتون و ئەرستۆ هەموو ئەوانەمان بۆ دەردەکەوێت کەباسمان کرد، کە وەسفیان دەکات بە بنەماو سەرچاوە. بۆنمونە دەربارەی ئەستۆ دەڵێت (ئەمە ئەو زانستەیە کەفێرمان دەکات. یان

ئەو شتانەی کەسودمان پێدەگەیەنێت. یان ئەوە ئەو شتەیە کە ناوی ناوە یان بەکاریهێناوە. یان ئەوەیە کەلێی دورکەوتۆتەوەو بەسوك سەیری کردووە یان ئەمە ئەو شتەیە کە ئەرستۆ وەك دەق ووتویەتی یان ئەرستۆ بەمە بەڵگەی هێناوەتەوە یان ئەگەر ئەمە وابێت ئەوا ئەرستۆ لەم بارەیەوە هیچی نەووتووە، یان دەڵێت ئایا لەدوای ئەمە وەچ پێویستمان بەدرێژکردنەوە هەیە، چونکە ئەرستۆ خۆی لەکتێبی بەڵگەکاندا بەوجۆرە دەڵێت. یان بەئەم رێگایە ئەرستۆ گەیشتە زانستی باوەڕپێکراو وە جۆرەها ووتەیتر کە لەژمارە نایەن. کەلێرەدا نە بەپێویستی دەزانین‌و نەبواریش هەیە کە بگەڕێینەوەو لەدەقەکانی فارابیدا دەست نیشانی بکەین. بەتایبەتی لەو بەشەیدا کە تایبەتە بۆ راڤەکردنی فەلسەفەی مامۆستای یەکەم.

مامەڵەکردنی فارابی لەگەڵ دەقەکانی ئەفلاتون‌و ئەرستۆ وەك مامەڵەکردنی زانایەکی شەرع‌و زمانەوانێکە لەگەڵ دەقەکانی قورئاندا، هەرچەند سروشتی پێکهاتەی بنەماکان لەهەردوو نمونە کەلتوریەکەدا جیاوازن، چونکە بنەماکان لەنمونەی یەکەمدا بەعەقڵ سەلمێندراوە، بەڵام لەدووەمیاندا پێغەمبەرایەتی‌و ئیلهامە.

لەوانەیە ئەم جۆرە تێڕوانینە جۆرێك لەگونجان‌و واقیعیەتی تێدا بێت، چونکە یونان رەمزی سەرەتاو چرکەساتی دروست کردنی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بوون کەپێی ووتراوە فەلسەفە.

وە تێڕوانینیش بۆ دامەزرێنەر لەهەر رەهەندو بوارێکدا بێت، ناکرێت لەمە بەدەربێت واتە ئەمەش تێڕوانینێکە بۆ بنەمایەك کەبۆی دەگەڕێتەوە.

وەپەیوەندی رۆژئاواش بەیونانەوە لەم رێسایە بەدەر نییە، هەرچەند رەهەندی تازەگەری و رێژەی دورکەوتنەوەو دابڕانی زەمەنی لەنێوان ئەو دوو زەمەنەدا هەرچەندێك بێت. لەڕاستیدا زۆربەی هەوڵە فەلسەفیە گەورەکان بەجۆرێك لەجۆرەکان بێت. لەڕاستیدا زۆربەی هەوڵە فەلسەفیە گەورەکان بەجۆرێك لەجۆرەکان یان بەمانایەك لەماناکان گەڕانەوەیە بۆ سەر بنەما رەسەنە یونانیەکەی، لەم بارەیەوە هایدگەر دەڵێت فەلسەفە بەزمانی یونانی دەدوێت. وە ئەگەر ئەوانەی کە دوایی دێت بنەماکان دەگێرنەوەو خۆیان دەگونجێنن لەگەڵ دو مامۆستاکەی پێشوداو خۆیان دەدەنە پاڵ ئەو دوو دامەزرێنەرە، لەم بارە دەتوانین بلێین ئەم گێڕانەوەیە لەوانەیە پاشکۆیەتی‌و تەقلیدبێت یان زیادەکاری‌و تەواوکردن بێت یان رەخنەگرتن‌و تازەگەری واتە دەست کردن بەبنیات نانەوەو دەسپێکردنەوە بەچاك کردنەوەی دەوروبەر.

وە ئەگەر گەڕانەوەی فارابی بۆ ئەو دوو فەیلەسوفە وەك گەڕانەوەی لقێك بۆ بنچینەکەی سەیر بکرێت، ئەوا لەم روانگەیەوە وەك راڤەکەرو قوتابی‌و شوێن کەوتویەك دەردەکەوێت بۆیان. بەلای کەمەوە ئەمە لەبەشێك لەبەرهەمەکانی و قۆناغێك لەقۆناغەکانی ژیانی فیکری‌و لەئاستێك لەئاستەکانی گوتارەکەیدا دەبینرێت.

لەڕاستیدا فارابی بڵاوکردنەوەو چەسپاندنی فەلسەفەی ئەرستۆو ئەفلاتوونی لەدەوروبەری کەلتوری ئیسلامیدا وەك ئەرکێکی گرنگی سەرشانی خۆی سەیرکردوەو وە لەدوای ئەوەش کە بەرهەمەکانی ئەم دوو فەیلەسوفە وەرگێڕدرانە سەر زمانی عەرەبی، یەکەمین کاری ئەو بریتی بوو لەراڤەکردن ی ئەو بەرهەمانەو کورت کردنەوەو پوختەکردن‌و نوسینی رون کردنەوەی پێویست بوو لەسەریان.

فـارابی هـەوڵیدەدا لەئـەم ڕێگەیـەوە بۆچونـەکانی ئـەم دوو فەیلەسـوفە بخاتـەڕوو ڕێبـازی کارکردنیان رون بکاتەوە. وە لەئامانجەکانیان بەڕوونی تێبگەن لەهەموو زانسـتو بابـەتێك دا، بـۆ نمونـە فـارابی لـە (بەدەسـت هێنـانی ئـارامی)دا پـاش ئـەوەی بـاس لەسـیفەتەکانی فەیلەسـوفی ڕاستەقینە دەکات وەجیای کاتەوە لەفەیلەسوفی ساختەو درۆو بێناوەڕك دەڵێت (فەلسەفەیەك کە ئەمە سیفەتەکانی بێت، ئەوە لەیونانەوە پێمان گەیشتوە لەئەفلاتون و ئەرستۆوە...

وەئێمە سەرەتا بەفەلسەفەی ئەفلاتوون دەسـت پێدەکـەین، پاشـان یـەك لـەدوای یـەك ڕێکـی دەخەین لەفەلسەفەکەی هەتا دەگەینە کۆتایی.

وە بەهـەمان شـێوەش کاردەکـەین لەسـەر ئـەو فەلسـەفەیەی کـە لەئەرستۆتالیسـەوە پێمـان گەیشتووە)

فاراب لەزۆربەی کتێبەکانیدا بەم شێوەیە کارەکانی دەخاتەڕوو:-

ئەوە دەهێنێت کە ئەفلاتون و ئەرسـتۆ ووتویانـە. پاشـان رون کردنـەوەو راڤـەی خـۆی لەسـەر دەنوسێتو ئاڵۆزیەکانی ڕۆشن دەکاتەوە.

لەهەموو ئەوەی کە کردویەتی لەسـەر ئـەوە ناوەسـتێت کـەدان بنێـت بەشـوێن کـەوتووییان، و وەرگرتنی بەرهەمەکانیان لەوەی کە کردویانەو وتویانەو دەرکەوتنی شـوێن کـاری ئەمـە لەسـەرێو سەیرکردنیان و وەسف کردنیان وەك دوو مامۆستا.

فارابی لەوەڵامێکی پرسیارێك دا دەربارەی ئەرستۆ ووتی (ئەگـەر بەڕاستی بم ناسیایە یـەکێك دەبووم لەگەورەترین قوتابیەکانی). ئەگەر ئەم ووتە دیوێکی بەڵگەبێت بۆ ڕێزی فارابیو خۆبەکـەم زانینی لەئاست ئەو دوو مامۆستا پێشینەدا. ئەوا دیوەکەی تری ئەو ڕاستییە دەگەیەنێت کەفارابی بەچاوی تەقلیدو وابەستەیی سـەیری ئـەو دوو مامۆسـتایەی کـردووە. نـەك بـە چـاوێکی پشـکنەرو ڕەخنەگرانـە، واتـە گـەراوە بەشـوێن ئامانجەکانیاندا و نەگـەڕاوە بەشـوێن ئـەوەی کـە ووتویانـە بۆئـەوەی کەڕاستو هەڵـە جیابکاتـەوە لـەگوتارەکانیاندا، بـەڵای کەمـەوە لـەوەی کەبەئاشـکرا وتوویانە.

لەبەرئـەوە لـەڕوی سێیەمەوە تـێڕوانینی فـارابی بـۆ ئـەفلاتون و ئەرسـتۆ وا دەردەکـەوێت کەتێڕوانینێکی سەلەفیانەی دور لەرەخنەگرتنە، ئەمەش ئەوە دەگەیـەنێت کـە ئـەم فەیلەسـوفەی ئیسلام بەچاوێکی پیرۆزەوە سەیری فەلسەفەی یونانی کردوە کـە نـاکرێت بخرێتـە ژێـر پشـکنین و بۆچونەکانیان مشـتومڕ هـەڵناگرێتو بـەجۆرێك سـەیری ئـەو دوو دانایـەی کـردوە کـە هەڵەناکـەن بەپێی تێگەیشتنی پێش وەختی خۆی بۆ دەقە چەسپاوەکان. لەڕاستیدا فارابی نـەك تەنـها وەك دوو فەیلەسوفی پێشینەو یەکەمی مامەڵەی لەگـەڵدا کـردوون کەبەسـەرچاوەو داڕێـژەی بنـەماکانی فەلسـەفەیان لەقەڵـەم دەدا بـەڵکو وا باسیان دەکـات کـە تەواوکـەری ئەوانـەی دوای خۆشـیانن و لقەکانیتری فەلسەفەش تـەواو دەکـەن، وە ئـەوەی لەوانـەوە دەرچێـت. بـەدورە لەهـەمو خڵـتەو کەموکوڕیو ناتەواویەك.

وەك ئـەوەی کـە ئەسـتیمولوجیا لەگـەڵ ئـەفلاتون و ئەرستۆدا بـەرەو پێگەیشـتن و تـەواوبوون چـووە. ئەمـەش ئـەو بۆچوونەیە کەپاشـان ئیـبن روشـد باسـی دەکـاتو دەڵێت (ڕاستی لەگـەڵ ئەرستۆدا گەیشتۆتە پلەی تەواو) بەڵێ فارابی هەندێك جار لە ڕێگەی ڕاڤەو خستنەڕوی فەلسەفەی ئەرستوودا کەتوشی ئیشکالیەتێك یان دژایەتیـەکی دیـاریکراو دەبێـت. پـەردە لەسـەر دەقـەکانی

مامۆستای یەکەم هەڵدەداتەوەو وا باسی دەکات کە دەیەوێت تێگەیشتنی ئەوانە راست بکاتەوە کەپێش ئەم رون کردنەوەیان لەسەر نوسیوە. یان ئەوە رون بکاتەوە کە بەلای ئەرستۆوە گران بووە، یان دەیەوێت ووتەکانی ئەو تەواوبکات، بەڵام ئەم ووتانەشی زۆر دەگمەنەو هەڵوێستێکی تایبەتە. مەبەستمان لەمە ئەوەیە کەبڵێین فارابی لەراڤەو رون کردنەوەو تەنانەت لەپۆلێن سازیەکەیشدا نەیویستوە خۆی وەك راست کەرەوەیەکی ووتەکانی ئەفلاتون‌و ئەرستۆ یان وەك رەخنەگرێك بۆ بۆریچەکەیان بناسێنێت، بەڵکو هەموو جارێك جەختی لەسەر دەکاتەوەو لەووتەکانی‌دا ئەوە ئاشکرا دەکات کە ئەو دوو دانا پێشینە بنەماو مەرجەعن، ئەویش لەرێگەی سودگەیاندنیانەوە بێت پێمان لەزانستە باوەڕپێکراوەکاندا بەڕاستی شتەکان یان بەهۆی بەخشینی رێگای گەیشتن بەزانستی باوەڕپێکراوەوە بێت پێمان). یان وەك ئەم ووتەیەی کەلەوەڵامی رەخنەی رەخنەگرێك بۆ تێگەیشتنی لەمامۆستای یەکەم دەڵێت (ئەوەی کە لێرەدا ووتراوە پێچەوانەی ئەرستۆ تالیسەو پێچەوانەی خودی راستیشە..)

بەم شێوەیە فارابی ئەرستۆ بەسەرچاوەی زانستی راستی‌و رێگەی گەیشتن بەو زانستە دەزانێت. لەلایەکی ترەوە ئەرستۆ وەك راستی سەیر دەکات‌و وای لەقەڵەم دەدا ئەوەی پێچەوانەی ئەرستۆ بڵێت پێچەوانەی راستیشە.

لەڕاستی‌دا ئەم جۆرە تێڕوانینە جۆرێك لەبەپیرۆزگرتنی لەخۆگرتووە. بەو مانایەی کەفارابی بەجۆرێك سەیری دەقەکانی فەلسەفەی کردووە وەك مامەڵەکردن بێت لەگەڵ دەقێکی پیرۆزدا، وەرێزگرتنی لەئەفلاتوون‌و ئەرستۆ گەیشتوەتە رادەیەك کەباوەڕی وابوە دورن لەهەڵەو ئاوان.

ئەم تێڕوانینەش لای فارابی سەرچاوەی ئەو ئیشکالیەتە یەکە بۆی دروست بووەو هەر ئەمەش توشی کۆمەڵێك هەڵەی کردووە.

کە هەوڵی داوە ئەرستۆ ئەفلاتون لەیەك ئاست دا سەیر بکات‌و کۆیان بکاتەوە ئەویش بەپشت بەستن بەکتێی (الربوبیە) کە بەهەڵە دراوەتە پاڵ مامۆستای یەکەم بەڵام لەڕاستی‌دا بەشێکە لە (تاسوعات افلوگین) لەرویەکی ترەوە دەتوانین هەست بەنزیکی بکەین لەنێوان ئەفلاتون‌و ئەرستۆدا لەمەسەلەی نمونەو وێنە روحانیەکاندا.لەواقیعدا لایەنگیری کردنی فارابی بۆ فەلسەفەو رەگەزبەستی بۆ ئەو دوو فەیلەسوفە، بەجۆرێك کەهەرچی ووتویانە راستە، ئەمەش لەگرنگی جیاوازی نێوان ئەو دوو فەیلەسوفەی کەم کردۆتەوە. کەباس لەوەکات ئەو بیروڕایانە تەنها بەهۆی کورت بینیانە لەتێگەیشتن لەووتەکانیان‌و تەنها دەبێت باس لە ئامانجەکانی ئەوان بکرێت.

هەندێك جار دەوترێت کەبڕوای فارابی بەیەکتایی فەلسەفەو یەکتایی راستی‌و تێگەیشتنی لەفەلسەفە کە هۆکاری گەیشتنە بەڕاستی‌یەکی باوەڕپێکراو. وا باس دەکرێت کە ئەو بۆچوونەی فارابی بوەتە هۆی ئەوەی کەخۆی بخاتە ئەو بارە ئاڵۆزەو هەرجۆرە جیاوازیەك لەنێوان ئەو دوو فەیلەسوفەدا لەبنەماو بنچینەدا رەت بکاتەوە.. بەڵام لەکۆتایدا ئەم هەڵوێستەی دەبێتە هەڵوێستێکی ئیمانی عەقیدەیی، نەك هەڵوێستی لێکۆڵەرەوەیەکی وردبین یان هەڵوێستی پشکنەرێکی رەخنەگر. ئەوەش هەڵویستێکە کەهیچ شتێك ناچەسپێنێت تەتها ئەوە نەبێت کەخۆی دەیەوێت لەبەرئەوە بەڵگەکان وێنەیی رووتن، واتە پێشەکی‌یەکی سادەو باو دەنوسێت. کەپێویست بەبونی ناکات یان لەسەر بنەمایەك دای دەرێژێت کەدان نەنراوە بە بەپێزی‌دا. فارابی

پێوەرەکانی لەسەر ئەوە داڕشتوە کە دەڵێت: ئەوپەڕی سنورەکانی فەلسەفە پەیداکردنی زانستی باوەڕپێکراوە بە شتە هەبووەکاندا.

وە فارابی لەو بڕوایەدایە کە ئەرستۆو ئەفلاتون ئەو دو فەیلەسوفەن کە ووتەکانیان دوورە لەخڵتەو کەموکوڕیو ناتەواوی، زۆر زمانو عەقڵی جیاواز دانیان بەم راستیە داناوەو هیچ بەڵگەیەکیش لەوە بەهێزتر نیە کە کۆمەڵێك زمانو عەقڵی جیاواز کۆك بن لەسەر شتێك و ئەو کتێبانەش کە دراونەتە پاڵ ئەرستو لەوانەش کتێبی (الربوبیە) شتێکی داتاشراو نیە، وەناکرێت ئەرستو لەیەك زانستدا دژی خۆی بدوێت.

وە زانینی ئەم پێشەکیەش دەبێتە هۆی تەوەی کەجیاوازیەکانی نێوان ئەم دو فەیلەسوفە زیاد بکاتو بەئاشکرا ببینرێت.

فارابی زۆر بەدوری زانیوە کەفەیلەسوف هەڵە بکاتو دژایەتی لەنێوان فەیلەسوفێكو فەیلەسوفێکی تردا هەبێت یان فەیلەسوفێك شتێك بڵێت دژی بۆچونەکانی خۆی، وە لەو باوەڕەشدا نەبووە کە رایە بەپێزو بەناوبانگەکان بکەونە هەڵەوە. وەئەوەش رەت دەکاتەوە کەووتراوە کتێبی (الربوبیە). دراوەتە پاڵ ئەرستۆو خۆی خاوەنی راستەقینەی نیە. لەم کتێبەدا فارابی تەئویلی بۆچوونەکانی مامۆستای یەکەم دەکات بۆئەوەی لەگەڵ بۆچونەکانی تریدا بگونجێت کە لەکتێبەکانی تریدا باسی دەکات، بەم شێوەیە لەسەر هەڵەو وەهم جارێکیتر بنیاتی ناوەتەوە.

بەم شێوەیە فارابی لەوێوە دەست بە بزاوتن دەکات کە لەمێشکدایە نەك لەواقیع دا. بەکۆمەڵێك بڕیاری پێش وەخت کەخۆی بڕیاری لەسەرداوە، لەهەمان کاتدا پێوانەکانیشی شێوەیەکی گوتاریان وەرگرتووە. لەکاتێکدا خۆی یەکێکە لەگەورەترینو بەتواناترین ئەو کەسانەی کە دەستی کارامەی هەیە لەرێکخستنی بەڵگەدا لەزمانی عەرەبیدا.

فارابی لایەنگیریەکی سەرسەختانەی دەکرد لەفەیلەسوفان، لایەنگیریەکەشی لەسەر حسابی راستیبوو. چونکە لایەنگیریەکەی بۆ فەلسەفەو فەیلەسوفان زۆرتر بوو لەلایەنگیری کردن بۆ راستی، وە ئەگەر ئەوجۆرە لایەنگیریە نەبووایە بەوشێوەیە دورنەدەکەوتەوەو بێئاگانە دەبوو لەراستی، یان گوێبیستی ئەو ووتانە دەبوو کەباس لەناکۆکی ئەرستۆ دەکەن لەگەڵ مامۆستاکەیدا لەپرۆگرامو رێبازی کاردا، بۆ نمونە ئەرستۆ دەربارەی ئەفلاتونی مامۆستای ووتەیەك دەڵێت کەهەندێك کەس سەرزەنشتی دەکەن لەسەر ئەوەی کەبەرامبەر مامۆستاکەی ووتویەتی، مەبەست لەو ووتە بەناوبنگەش ئەوەیە کە دەڵێت:- (ئەفلاتوون راستگۆیە، راستیش راستگۆیە بەڵام راستی راستگۆترە) فارابی وای دادەنێت کە کۆبوونەوەی عەقڵەکان لەسەر شتێك، دەبێتە بەڵگە نەویست،. بەڵام بێئاگا بوە لەوەی کەهەندێك جار لەدایك بوونی راستی بەسەرپێچیکردنی ئەوە دەبێت کەعەقڵێکی زۆرینە لەکاتێك لەکاتەکاندا بڕیاریان لەسەر داوە، چونکە کۆبوونەوەی عەقڵە جیاوازەکانی لەدواجاردا لەسەر بنەمایەکی مەعریفی هاوبەش بڕیار دەدا یان دەگەڕێنەوە بۆ یەك بنەمای کەلتوری.

ئەگەر فارابی ووتەکانی ئەو دو فەیلەسوفەی بەعەقڵێکی رەخنەگرانەوە بخوێندایەتەوە بەبێبوونی هەڵوێستو بڕیاری پێش وەخت. بۆی دەردەکەت، کەچ جیاوازیەك لەنێوانیاندا هەیە، کە جیاوازیەکی جەهەریە لەنێوان یەکەمین دوو فەیلەسوفو دوو عەقڵی بەتواناو دوو دانای

بەناوبانگ. ئەگەر فارابی بەعەقڵێکی رەخنەگرانەوە سەیری پێشینەکانی خۆی بکردایە. ئەوا هەستی بەو دژایەتیو ناکۆکیو جیاوازیانە دەکرد کە لەفەلسەفەی هەریەکەیاندا هەیە. وە پاشان دانیدەنا بەبونی ئەو جیاوازیانەی کە لەبابەتە گرنگەکاندا لەنێوانیاندا هەیە. ئەوکاتەش هەوڵی دەدا بۆ چارەسەری ئەو ئیشکالیەتە نەك لەشکۆی ئەو جیاوازیانە کەم بکاتەوەو بەشتێکی رواڵەتیان لەقەڵەم بدات، ئەمەش بەڕونی لەکتێبی (المجمع) دا دەبینرێت کەشتە لەیەکچوەکان دێنێتە پێشەوەو بەسەر جیاوازیەکاندا باز دەدات، بەڵام بەگەڕان بەشوێن رێگایەکیترو گرتنەبەری شێوازیترو، لەدانی دەرگا جیاوازەکانی بۆ چارەسەری کێشەکان یان بەووتەیەکیتر ئەگەر فارابی لەواقیعەوە دەستی بەبزاوتن بکردایەو دانی بەڕاستیو بوونی جیاوازیدا بنایە لەنێوان کەسانی خاوەن فیکرو رابەرانی زانست دا، ئەمە دەبوە هۆی ئەوەی کەچاوبگێرێتەوە بەفەلسەفەی پێشینەکاندا لەڕوی پرۆگرامو بیروڕاوە، بەڵکو ئەمە دەبووە هۆی چاوخشاندنەوە بەپێناسەی فەلسەفەو تێگەیشتن لەخودی راستیش، ئەمەش بەشێوەیەك کەوا لەفەلسەفە بکات کەئەگەری هاتنەدیو بوونی لێبکرێت،

واتە تێڕوانین بۆ ئەبستمۆلۆجیای فەلسەفی بەوەی کە هەوڵێکە بۆ هاتنەدی لەنێوان کۆمەڵێك هەوڵدا، وە لەبەرئەوەی فەیلەسوف ئاگادارە بەبوونی شتەکان بەرێژی (ووزەیەکی مرۆڤی) کە ئەویش ووزەیەکی سنوردارو توانای تایبەتی هەیە.

دان نان بەبوونی جیاوازدا لەنێوان فەیلەسوفەکان لەیەك بابەت دا بانگەشەیەك نییە بۆ دروست کردنی گومان لەسەر فەلسەفە وەلەسەر حسابی یەکتایی راستیش ناکەوێت، بەڵکو جیاوازی لەنێوان عەقڵەکاندا بۆ تێڕوانین لەکێشەیەك یان بۆ دیوێکی کێشەکە پێویستە ببێتە هاندەرێك بۆ چاوخشاندنەوە بەئەو پرۆگرامەیکە هەیە، وە ئەمەش دەبێتە هۆی دورست بوونی کۆمەڵێك رای جیاواز لەسەر ئەو زانستەی کە هەیە وە هەموو فەلسەفەیەکی راستیش لەکۆتایدا تێڕوانینێکی دیاریکراو دادەڕێژێت. کە شەرعیەتو گونجانی تایبەت خۆی هەیە.

هەموو وێناکردنێکی رەسەن، هەست بەلایەنێك لەلایەنەکانی بوون دەکات بەشێوەیەکی تەواو هەروەك نەتەوەکانیش وێ،ەیەك یان خەیاڵێکی جیاوازن بۆ یەك راستی. ئەمەش بەپێی تێگەیشتنی فارابی خۆیەتی بۆبونی جیاوازی لەنێوان نەتەوە رێزدارەکاندا) ، ئەگەر نمونەو خەیاڵەکان لەگەلێکەوە بۆ گەلێکیترو لەنەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکیتر جیاوازبن، کەواتە بۆچی ناکرێت بۆچوونەکان لەنێوان فەیلەسوفێكو یەکێکیتردا جیاوازبێت. یان لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکیترو لەئەزمونێکەوە بۆ ئەزمونێکیتر. فارابی لەکاتێکدا کەدان دەنێت بەبوونی جیاوازی لەراستیە ئاینیەکاندا بەڵام بڕوای بەبوونی جیاوازی نییە لەراستیە فەلسەفیەکاندا، بەڵکو ئەم راستیەی لەسەرو مشتومڕو گفتوگۆوە داناوەو بەدوری زانیوە لەجیاوازیو دژایەتی. چونکە فەلسەفە لای فارابی بنەمای پێکهاتنی زانستو نەتەوەکانو ئاینەکانە، ئەمەش لایەنگیریکردنی فەلسەفەیە زۆر زیاتر لەلایەنگریکردنی لەڕاستی هەروەك باسمان کرد، لەبەرئەوە فارابی ئاوڕی بەلای جیاوازیەکانی نێوان ئەرستوو ئەفلاتوندا نەداتەوەتەوە بەڵکو بەهەر نرخێك بووە گەڕاوە بەشوێن چارەسەرێکدا کە ئەو جیاوازیانە نەهێڵێت، وە بڕیاری داوە ئەم دوو داناو فەیلەسوفە لەناوەڕۆکدا کۆکن بەڵام لەرواڵەتدا جیاوازن) وە دووەم بۆ یەکەمیان وەك پاشکۆو تەواوکەرو هاوکارو ئامۆژگاریکەر وایە) بەم شێوەیە فارابی هەڵوێستی دیاری خۆی ئاشکرا دەکات

لەخوێندنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان ئەرستۆو مامۆستاکەی، واتـە وای داناوە کە کە پـەیوەندی نێوانیان پاشکۆیی یان تەواوکاری بوە بەجۆرێك لەجۆرەکان.

بـەڵێ راستە ئەگـەر ئـەفلاتوون نەبوایـە ئەرسـتۆو نـەدەبوو، بـەڵام لەهـەمان کـاتدا ئەرسـتۆو هەڵوێستێکی رەخنەگرانەی لەمامۆسـتاکەی هـەبووە. سـەرپێچی کـردوەو نـاڕەزایی هـەبوە لـەزۆر کێشە لەگەڵیدا.

رەخنـەی لـەتیۆرەکانی گرتـوەو پـەردەی هەڵداتــەوە لەسـەر ئـەو دژانـەی کـە لـە رێبـازە فەلسـەفیەکەیدا هەیـە. دەبێت ئـەوە بزانـین کــە فەلسـەفە گـەورەو ناودارەکـان لـەتێڕوانینیان لەئیشـکالیەتی فەلسـەفەکانی پێش خۆیـان سـەریان هــەڵداوەو گەشـەیان کـردووە کـەناکۆکیو دژایەتیەکانیان خستوەتەڕوو.

بەم شێوەیە فارابی وەك لایەنگرێك مایەوە بۆ مامۆستاکانیو سەرسەختانە بـەرگری لـێکردن، هـەرگیز نەیویسـتوە رەخنـەیان لـێبگرێتو لەبۆچونـەکانیان دەربچێت. واتــە دەتوانـین بڵێـین بەجۆرێك لەجۆرەکان سـەلەفی بـووە. وە لەمەشـدا جیـاواز بـووە لەئەرستۆی پێشـینەی. چونکـە مامۆستای یەکەم، ئەوانـەی پێش خـۆی خوێندبـوەوەو سـودی لـێوەرگرتبونو دەسـتی گرتبـوو بەزانیاریەکانیانەوە بەڵام لەهەمان کاتدا رەخنەی دەگرتو سەرپێچیدەکردنو ناتەواویەکانی تەواو دەکردنو لەوانیش تێدەپـەڕیو بۆچونـەکانی خـۆی دەووت. فـارابی جیـاواز بـووە لەوانـەی دوای خۆیشی بۆ نمونە (ئیبن سینا) کە رەخنەی لەمەشـائیەکانی سـەردەمی خـۆی دەگـرتو تاوانبـاری دەکردن بە (ناوچەگەرێتیو دودڵی) وە دەرچوونی خۆی لەبۆچوونەکان ئەرسـتۆ راگـەیاندو هـەوڵی سـەربەخۆیی بوونـیدا.) لەووتــە بەناوبانگەکەشـیدا تــەعبیر لــەو بۆچوونــەی دەکـاتو دەڵێـت (ئەوەندمان بەسە کە نوسراوە بـۆ راڤـەکردنی مەزهەبـە کۆنـەکان ئێسـتا کـاتی ئـەوە هـاتووە کـە فەلسەفەیەکی تایبەت بەخۆمان بنیات بنێین)

وە ئەگەر (شێخی سەرکردە) سەرکەوتووبوبێت یـان سـەرکەوتو نـەبوبێت لـەبنیات نـانی ئـەم فەلسەفەیدا لەهەردوو بارەکەدا هەڵوێستی ئیبن سینا ئەوەبوو کە بەچاوێکی رەخنەگرانە دەیڕوانیە مامۆستای یەکەم، وەویستویەتی رێچکەیـەکی تایبـەت بەخۆیشـی دیـاری بکـات. لەگـەڵ ئەوەشـدا کەدانی ناوە بەرێزی مامۆستای یەکـەمو بـەڕێزی فـارابیش دا کـە بەباشـترینو بـەڕێزترین پێشـینە دادەنرێت لەلای ئیبن سینا لەدوای ئەرستۆ وە ئەگەر بمانەوێت بەراوردی زیاتر بکەین، دەبینین کە غەزالی هەڵوێسـتێکی دوژمناکارانـەی بەرامبـەرس فەلسـەفەو فەیلەسـوفان هـەبووە. غـەزالی بـڕوای بەتەقلیدی کەسانیتر نەبووە، هەرچەند غەزالیش یەکێك بووە لەگەورە زانایانو خاوەنی عەقڵێکی کارامە بووە، بەڵام ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە تەقلید جۆرێك لەدەسەڵاتی ئەبسـتمۆلۆجیا دەنوێنـێ. دەسـەڵاتی ئەبسـتمۆلۆجیش بریتـیـە لـەوەی کـە راسـتی بـەزمانی بێژەرەکەیـەوە بناسـیت نــەك بـەخودی راسـتی خـۆی چونکـە لـەواقیع دا نــابێت راسـتی بەبێژەرەکـەیدا بناسـرێتەوە دەبێـت خاوەنەکەی بەڕاستیدا بناسرێتەوە. لەم بارەیەوە غەزالی ئـەو رایـەی خـۆی بـەو وتەیـەی ئیمـامی عــەلی بــەهێز دەکـات کـە دەڵێـت (راسـتی بەخاوەنەکـەیدا مەناسـە. بـەڵکو راسـتی بناســە دۆستەکانیدەناســی). ئــەم هەڵوێســتە رەخنەگرانــەی غــەزالی لەتــەقلیدو ســەرچاوەکانی ئەبستمۆلۆجیا، بوە هۆی ئەوەی کەغەزالی دان بنێت بـەبوونی جیـاوازی لـەنێوان رابـەرانی فیکرو گەورە زانایان ئەمەشی بەیاسایەکی ئەزەلی یان قەدەرێك داناوە کەمرۆڤ ناتوانێت خـۆی لـێرزگار

بكات. بۆ ئەم مەبەستەش ئەم ئایەتە بە بەڵگە دەهێنێتەوە كە دەفەرموێت ( ولایزالـون "مختلفین الا من رحم ربك"

وە ئەگەر سەرنج بدەینە نمونەیەكیتر لەرۆژئاوای ئێستا، دەبینین كەهەڵوێستی رەخنەگرانە لەبۆچوونەكانی پێش خۆیان پاڵینا بە یەكەمین فەیلەسوفی نوێگەری (دیكارت) كەپاشكۆی و تەقلید رەت بكاتەوە. وە ئەگەر بەچاوێكی رەخنەگرانەی وردەوە سەیری ووتەی زانا بەناوبانگەكان بكەین بەئاشكرا جیاوازی دەبینین لەبیروبۆچوونیاندا)

وە جیاوازیش لەنێوان بیرورِاكاندا بانگەشەیە كە بۆ پیاچوونەوە بەووتەی خاوەنەكانیاندا. ئەوەش رێگەیەكە بۆ تازەكردنەوەی ئەبستمۆلۆجیاو پرۆگرام.

ئەوەش ئەو ئەركە گرنگە بوو كە باوكی فەلسەفەی نوێ پێی هەستا كەبریتیبوو لە: رزگاربوون لەدەسەڵاتی تەقلید كەپێشینەكان پیادەیان دەكرد.

هەروەها رزگاربوون لەقوتابخانەی دۆگمابوون.

ئەمەش مانای ئەوە نییە كەئێمە پەیوەندی نێوان راستیو خاوەنەكەی پشت گوێبخەین. چونكە هەموو هەوڵێكی فیكری كەشێوازی رەخنەگرانەی هەر جۆرێ: بێت. بەرەو ئەوە دەچێت كە ببێتە مەرجەعو دەسەڵات.

فەلسەفەی دیكارت گەیشتبوە ئەم ئاستە، واتە گۆڕا بۆ دەسەڵاتێكی ئەبستمولوجی، هەر لێرەشەوە كۆمەڵێك هەوڵیتر سەریان هەڵدا كە رەخنەیان لێدەگرتو بۆچونەكانی ئەویان تێپەڕاند.

وە غەزالیش لەكاتێكدا كە رەخنە لەتەقلید دەگرێتو جەخت دەكاتەوە لەسەر ئەوەی كە دەبێت راستی بەخۆیدا بناسرێتەوە. نەك بەوەی كە دەیلێت غەزالیش رایەكەی خۆی بەپشت بەستن بەمەرجەعێكی كەلتوریو دەسەڵاتێكی ئەبستمولوجی بەهێز دەكات، هەروەك لەپێشەوە باسمان كرد. كەواتە لێرەدا دەتوانین بڵێین ئەبستمۆلۆجیا بەبێدەسەڵات بوونی نییە، هەروەك میشیل فوكو، روونی دەكاتەوە لە لێكۆڵینەوەكانی لەسەر سیستمەكانی مەعریفە، بەم شێوەیە ئەو ووتەیەی سەرچاوەیەك بێت بۆ راستی سەرئەنجام دەبێتە مەرجەعو دەسەڵات. بەڵام لەكاتێكدا كە دەڵێین فیكر خاوەنی دەسەڵاتێكی تایبەتییە، لەم روانگەیەوە ئەركی چالاكی فەلسەفی لەوانەش رۆشنگەری دەبێت وازهێنان بێت لەبوغزو داخرانو رزگاربوون لە تەقلیدو پاشكۆییو رەخنەگرتن لەدۆگمابوون لەرەوتی فیكریو مەزهەبی فەلسەفیدا.

وە یەكێك لەگرنگترین ئەركەكانی عەقڵ ئەوەیە كە توانای رەخنەگرتنی هەبێت لەخۆی، ئەویش بۆ دۆزینەوەی بنەماكانی دۆگمابوون، وە پەردە لەسەر هەموو شێوەیەكی دەسەڵاتی شاراوە هەڵ بداتەوە لەووتەو گوتاردا.

وە ئێمە كاتێك كە رەخنە لەهەڵوێستی فارابی دەگرین بۆ تێڕوانینی لەپێشینەكانی خۆی، مەبەستمان ئەوەیە كەتیشك بخەینە سەر تێڕوانینی فەیلەسوفێكی ئیسلام بۆ فەیلەسوفەكانی پێش خۆی لەڕوی لایەنگیریو تەقلیدو پاشكۆییەوە،

ئەم تێڕوانینەی فارابی پێویستە ببێتە جێگەی پرسیارو رەخنەگرتن چونكە عەقڵ بەتایبەتیش عەقڵی فەلسەفی، عەقڵێكە كەیەكێك لەبنەما سەرەكییەكانی پرسیارو رەخنەو گومانەو گەرانە بەشوێن راستیەكاندا. لێرەدا ئێمە هەرچەند رەخنەمان لەفارابی گرتووە. بەڵام لەرەخنەو راست

کردنەوەکانماندا بۆی. رێز لەهەڵوێستەکانی دەگرینو لەهەڵوێستو بۆچونەکانیشی تێدەگەین. لەلایەکی تریشەوە ئەو تێڕوانینەی کەفارایب هەیەتی بۆ ئەفلاتونو ئەرستۆو جۆرێك لەشەرعیەتو بیانوی خۆی هەیە. چونکە فارابی لەوکاتەدا ئەگەری ئەوە هەیە کە نەیتوانیبێت بەدەر لەو هەڵوێستە شتیتر بڵێت، وە ئێمە لەئەو هەڵوێستەی تێدەگەین ئەگەر بارودۆخ و مەرجە تایبەتیەکانی ئەوکاتە بخوێنینەوە. وە ئەگەر ئەو هۆکارانەمان بزانیایە کەبوەتە هۆی جوڵاندنیو ئەو بوارەش کەهەڵی بژاردوە لەبواری فەلسەفەدا کاری تیادا بکات.

بەڵام ئەوەی پێویست بوو لەسەر فارابی کەدەبوایە بیکردایە بریتیبوو لەکارکردن لەسەر بەخۆماڵیکردنی فیکری یونان لەجیهان ئیسلامیدا.

وەپێویست بوو لەسەری کەژیربێژی بەزمانی عەرەبی دابرێژێتەوە. بەووتەیەکی تر بڵێین پێویست بوو لەسەری کە بنەمایەك بۆ فەلسەفەو رەوانبێژی دابرێژێتەوە لەکەلتوری ئیسلامیدا. وە جارێکیتر پەیوەندیەکی نوێ دابرێژێتەوە لەنێوان فەلسەفەو ئایندا. یان لەنێوان ژیربێژیو رێساکانی زمانی عەرەبی، هەروەك د. جابری بەڕونی لەوبارەوە باسی دەکات. بەڵام لەوبارەدا فارابی نەیتوانیوە بێجگە لەلایەنگری بۆ فەلسەفەو فەیلەسوفانی و گونجان لەگەڵیانداو پشتگیریکردنو تەقلیدکردنیان شتێکیتر بکات.

وە هەڵوێستی ئەو لەوبارەدا، لەهەڵوێستی هەندێك عەرەبی هاوچەرخ دەچێت کەئەرکی گرنگی سەرشانی خۆیان لەبڵاوکردنەوەو چەسپاندنی هەندێ مەزهەبی فەلسەفی رۆژئاوایدا دەبیتەوە لەووڵاتانی عەرەبیدا. کەسەرەتا بەدیکارتیو هیگڵیو مارکسییو پاشان بەوجودی و فۆکۆیی کۆتاییدێت، ئەمانە مەزهەبێکی رۆژئاواییان هەلگرتوەو هەوڵی بڵاوکردنەوەو برەوپێدانی دەدەن لەدەوروبەرەکەی خۆیاندا، ئەمانە نەیانتوانی هەڵوێستێکی رەخنەگرانە یان هەبێت، بەڵکو لەگەڵ خاوەن فیکرەکاندا تێکەڵ بوونو بەشێوەیەکی رەگەز پەرستانە بەرگریان لێکردوە. دەستیان گرت بەدەقەکانیانەوەو وەك مەرجەعێکی کەلتوری مامەڵەیان لەگەڵدا کردن، ئەمانە تەقلید گەراو پاشکۆنو رەسەنایەتیان وون کردوە. لەهەموو ئەو هەوڵانەی کەدایان نەیانتوانی هیچ یەکێك لەئەو مەزهەبە فیکریە نوێیانە بچەسپێننو بیکەنە بەشێك لەکەلتوری نوێی عەرەبی، لەراستیدا هەنوکە مامۆستایەکی ناودارو ئەندازیارێکی فیکری بەتوانا نابینین لەنێوان عەرەبە هاوچەرخەکاندا.

راستە کە فارابی بوە قوتابی یونانو بوە بەشێك لەکۆمەڵی ئەوان بەڵام لەهەمان کاتدا مامۆستایەکی راستیو میراتگرێکی گەورە بوو. مەبەستمان ئەوەیە کەفارابی سەرکەوتوو بوو لەچەسپاندنی چەمکەکان فەلسەفە لەجیهانی ئیسلامیدا وە جارێکیتر توانی ژیربێژی دابرێژێتەوە بەزمانێك جگە لەزمانی یونان، فارابی، زمانی عەرەبی فراوان کردو وای لێکرد کەبتوانێ پێشوازی لەماناو چەمکە هاتوەکان بکات. بەهۆی فارابیەوە زانستی فەلسەفە بەزاراوەو ووتەو ژیربێژیەکانی بوە بەشێکی ئەندامی لەکەلتوری عەرەبی ئیسلامیدا. ئەمە سەرەڕای دژایەتی کرانی لەلایەن هەندێ رەوتی فیکریەوە، ئەوەی جێگەی سەرنجیشە تەنانەت نەیارانی فەلسەفەش لەزانایانی شەرعو ووتە بێژەکان (متکلمین) ئەم زانستەی پێشینەکانیان خوێندۆتەوەو بەکاریان هێناوە لەووتارو راگۆرینەوەو مشتومڕەکانیاندا ئەوەش بەشێوەیەکی ئیرادی بوبێت یان نائیرادی.

بەڕاستی فارابی مامۆستای دووەمو میراتگرێکی رەسەن بووە، وە هەر لێرەشەوە هەست بەگەورەییو رەسەنایەتی دەکەین، ئێمە لەکاتێکدا کە دەگەڕێین بەشوێن ئەو گەورەییو

ڕەسەنایەتی‌یەدا پێویستە بۆ ئاشکراکردنی تەنها پشت بەوە نەبەستین کەووتویەتی یان باسی دەکات، لەشێوازی پەیوەندی لەگەڵ ئەفلاتون‌و ئەرەستۆدا. بەڵکو پێویستە بەشوێن ئەوەدا بگەڕێین کەنەی ووتوە، ئەوەی کەنەی ووتوە گرنگترە، هەرئەمەشە کەبنەمای گوتارەکەی لەسەر دادەڕێژێت، ئەگەر بمانەوێت بەرمبەر بەفارابی بەویژدانەوە مامەڵە بکەین پێویستە کەئاستی رواڵەت‌و ئاشکرای ووتەکانی تێبپەڕێنین‌و بگەینە سەر ئەو بنەمایانەی کەگوتارەکەی لەسەر بنیات ناوە ئەوەش ئایا لەشرۆڤەکانی دا بێت یان لەخستنەڕوی فەلسەفەی ئەوانەی پێش خۆی یان پۆلێنە تایبەتی‌یەکانی‌و ئەو کتێبە نوسراوانەی‌دا بێت کە لەیونان جیای دەکەنەوەو سەربەخۆیی پێ‌دەدات.

بەڵێ پێویستە لەبنەمای گوتارو ژێر بێژیەکەی وردببینەوە چونکە گوتار لەدواجاردا هەڵگری پێناسی بێژەرەکەیەتی، هەرچەند ئەو گوتارەش رون کردنەوەو راڤەی گوتارێکیتر بێت، وە هەموو گوتارێکیش، وێنەی گوتارێکی تر لەخۆ دەگرێت، هەرچەند مەبەست لەداڕشتنیشی راڤەو رون کردنەوە بێت. تەنانەت ئەوانەش کەزۆر توند دەستیان گوتوە بەدەقەوەو خۆیان لەتەئویل دەپارێزن. لەکۆتاییەکەیدا قسەی خۆیان دەکەن. هەموو ووتەیەکیش راستی‌یەکی بنیات دەنێت. هەموو ووتەیەکیش دەسەڵاتێکی هەیە فارابی هەڵدەستێ بەڕون کردنەوەو پوختەکردن‌و خستنەڕوو، لەکۆتایدا ئەویش رای خۆی دەڵێت و گوتارێك بنیات دەنێت کەشوێنکارە فکریەکانی خۆی پێوەیەو هەڵگری سروشتە تایبەتی‌یەکەی خۆیەتی.

بەووتەیەکی روونتر بڵێم، جارێکی تر ئەو دەقە دادەڕێژێتەوە، کەکار لەسەر رون کردنەوەو پوختەکردنی دەکات. واتە هەڵدەستێ بەلێکۆڵینەوەو وردبینی کەتیایدا زیادو کەم دەکات. ) لێرەدا تێگەیشتنێك بەسەر یەکێکیتردا زاڵ دەبێت وەجارێکیتر فیکرەکان دوبارە رێك دەخرێنەوە وەماناکان دادەڕێژرێتەوە بەزمانێکی نوێ وە تێگەیشتنەکان دەخرێنەوە ناو قاڵبێکی عەقڵی جیاواز، فارابی کە کار لەسەر دەقی پێشینەکان دەکات، ئەوا ئەو ووتارێك بنیات دەنێت‌و فیکرێك رێك دەخات، لێرەوە دەتوانین بڵێین، بەڕاستی سەرلەنوی بنیات نانەوەی گێڕایەوە.

ئەگەر رێزی ئەرستۆ بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە یەکەم کەس بووە زانستەکانی دابەش کردوە و ووتەکانی تێدا رێك خستوەو یەکەم کەسیش بووە کەبنەمایەکی راستی داناوەو چەند راستی‌یەکی چەسپاوی دیاری کردوەو رێگاو پرۆگرامێکی رونیشی داناوە. فارابیش ووتەکانی مامۆستای یەکەم دەگێڕێتەوەو کار لەسەر چاکسازی و راست کردنەوەو تەواوکردنی دەکات، ئەگەر ئەوەشی بەئاشکرا نەوتبێت. کەهەموو توانای خۆی سەرف کردووە لەرێکخستنەوەی فیکری مامۆستای یەکەم بەشێوەیەکی زۆر وردترو رونترو، بەشێوەیەك کە راڤەکانی زۆر رون ترن لەدەقەکان، هەروەك د. حسن حنفی ئەمەی تێبینی کردوە)

لەڕاستی‌دا هەرکەسێك راڤەکانی فارابی بۆ مامۆستای یەکەم بخوێنێتەوە. یان سەیری خستنەڕوی خوێندنەوەی کتێبە ژێر بێژیەکان بکات.

لەووتەکانی فارابی‌دا هەست بەئەندازەیەکی فیکری وا دەکات کەنمونەی کەمە. فارابی کەسێکی کارامەیە کە توانیویەتی بەڵگەکان رێك بخات لەزمانی عەرەبی‌دا. هەر لەبەر ئەوەشە کەشایەنی خۆیەتی ناوبنرێت بەمامۆستای دووەم ئەمەش مانای ئەوە نییە کەفارابی هەندێك جار هەڵەی نەکردووە.

لەتێگەیشتنی دا لەمامۆستای یەکەم، لەم ڕووەوە تێکەڵ کردنێک کراوە لەنێوان فارابی‌و کەسانی‌تر وەك لەپێشەوە باسمان کرد، ئەمەش شتێکە کە د. حنفی ویستویەتی پشت گوێی بخاو بەسەریدا تێپەڕی.

بەکورتی لێرەدا دەمەوێت بڵێم ئەوەی کەفارابی بنیاتی ناوە لەووتەو ڕاڤەو دانان لەکەلتوری عەرەبی ئیسلامیدا بوەتە دەقێکی سەربەخۆ کە لەسەرپێی خۆی وەستاوە، ئێسا ئەو گوتارەش بوەتە بنچینەیەك‌و پشتی پێدەبەسترێت، لەهەمان کاتدا فارابی، ڕێگەی خۆش کرد بۆ کەسانی‌تر کەبتوانن لەم بوارەدا هەنگاوی بەپێزتر بنێن.

لەفەلسەفەی فارابی‌دا، بنەماو بنچینەی کێشەو بابەتە گرنگەکان دەبینرێت، کە ئەو فەیلەسوفە ئیسلامیانەی دوای ئەو هاتوون پشتیان پێبەستوەو سودیان لێوەرگرتوە. ئەوەندە بەسە کەبڵێین شێخی سەرکردە (ئیبن سینا) لەتێگەیشتنی ئەرستودا پشتی بێبەستوەو بەخوێندنەوەی کتێبەکانی‌و پۆلێن کردنەکانی گەیشتە ئەو پلەیە.

بەم شێوەیە فارابی بووە بنچینەیەك بۆ ئەوانەی دوای خۆی کەپشتیان پێدەبەست. واتە فارابی تەنها وەك لقێك نەمایەوە بەڵکو بووە بنچینەیەك کە بۆ بنچینە یونانیەکە زیادکرا. وە زیادە ڕۆیمان نەووتوە کە وەك د. حنفی بڵێین. فارابی بوە بنچینەو ئەرستۆو بوە لق.)

گومانی تێدا نی‌یە کە هەموو بنچینەیەك هەوڵدەدا کە مەرجەعیەت‌و دەسەڵات لەبنچینەی کۆنەکەی پێش خۆی بسێنێتەوە، بەڵکو هەموو لقێك کە لەدەوری بنچینەیەکە دروست دەبێت، هەوڵ دەدا کە جێگەی بنچینەکە بگرێتەوە. لێرەوە دەتوانیت بڵێین، هەموو بنچینەیەك هەوڵ دەدا کە دەسەڵاتی مەعریفی لەبنچینەکەی پێش خۆی دابڕنێت، وە لەجێگەی ئەودا دروست بێت. هەرچەند هاودژیشی نەبوبێت، واتە بەجۆرێك لەجۆرەکان ووتە ووتە دەسڕێتەوە. هەروەك باسمان کرد.

***

دوای ئەوەی کە لەپشکینی تێڕوانینی فارابی بۆ ئەفلاتوون‌و ئەرستۆ لەگۆشەنیگای یەکەمەوە تەواوبوین واتە لەو گۆشەیەوە کەفەیلەسوفێکەو چۆن مامەڵەی لەگەڵ فەیلەسوفاندا کردوە، بائێستا دەست بکەین بەووردبوونەوە لەشێوازی تێڕوانینی بۆ ئەو دوو فەیلەسوفە لە گۆشە نیگای دووەمەوە واتە لەگۆشەی پەیوەندی نێوان منو ئەوی‌تر. لەنێوان فەلسەفەی یونانی‌و کەلتوری ئیسلامیدا، فارابی هەرچەند خۆی تەرخان کردبوو بۆ ئەرکی بنیات نانی فەلسەفە لەکەلتوری عەرەبی ئیسلامی‌دا، ئەمەش لەوە کەم ناکاتەوە کە ڕۆشنبیرو زانایەکی مسڵمان بووە. ئەگەر نەشڵێین ئیسلامی بوە، واتە لەڕوی سەردەم‌و کەلتورو زمانەوە لەفەلسەفەی ئیغریق جیاوازی هەیە هەروەك لەپێشەوە وتمان، لەرویەکی ترەوە تێڕوانینی بۆ ئەوان تێڕوانینی مسڵمانە بۆ نامسڵمان. بێگومان ئەم تێڕوانینەش کاریگەری سەردەم‌و کەلتورو ئەو زمانەی بەسەرەوە دەبێت کەپێی دەنوسێت. کە دەڵێین تێڕوانینی مسڵمانە بۆ نامسڵمان. لەڕاستی پێویستە جیاوازی بکەین لەنێوان سێ هەڵوێست لەزانستە هاتوەکان لەلایەن زانایانی مسڵمان و فەیلەسوفەکانیانەوە یەکەمیان ئەوانەبوون کە بەهەموو شێوەیەکی فەلسەفەیان ڕەت دەکردەوە. لەڕوی پرۆگرام‌و بیروڕاوە، ئەمانە ڕەوتی پارێزگارەکان بون. یان پێیان دەوتن کەسانی دەق‌و هەواڵ. دەتوانین هەڵوێستی

ئەوانە کورت بکەینەوە لەم بۆچونەدا کە دەڵێت (فەلسەفە بنەمای گێلیو بەرەڵلاییە. وە هۆکاری سەرسوڕمانو گومراییە....

ئەمانە دەیانووت (مەبەست لەزانست ئەو زانستەیە کە لەپێغەمبەر (د.خ) ماوەتەوە بۆمان، هەرئەوەشە شایەنی ئەوەیە پێی بوترێت زانست)

دووەمیان بریتییە لەهەڵوێستێکی مام ناوەندی کەهەندێك لەووتەبێژان (متکلمین) و زانایانی شەرع نوێنەرایەتیان دەکرد. کە لەتێڕوانینیاندا بۆ زانستە هاتوەکان جیاوازیان دەکرد لەنێوان دو جۆردا.

جۆرێکیان پەیوەندی بەئاینەوە نییە. جۆرێکیتریان پەیوەندی پێوەی هەیە بەسلبی یان ئیجابی. جۆری یەکەمیان وەرگرتوەو جۆری دووەمیان ڕەت کردۆتەوە، یان بەتەعبیرێکیتر، لەزانستی فەلسەفەدا ئالیەتو زانستیان لەیەکتر جیاکردبووەوە. هەروەها پرۆگرامو بیروڕا، ژیربێژیان وەرگرتبوو بەکاریان هێنابوو، بەڵام ئیلاهیاتو میتافیتریقیاو چەند بەشێك لەزانستی سروشت ناسیان ڕەت کردبوەوە.

غەزالی یەکێك بوو لەوکۆمەڵە کتێبەکانی فەلسەفەی خوێندبووەوەو شارەزایی لەزانستەکانی دا پەیدا کردبوو، وە دانی نابوو بەڕاستی هەندێکیاندا بەتایبەتی ژیربێژی، نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو سودی لێوەرگرتوونو ئالیەتە تیۆریەکانی ئامێرەکانی تێگەیشتنی بەکارهێناوە لەگەڵ زاراوە زانستیەکاندا، هەرچەند ئەو بەناوی تازە ناوی بردون بۆئەوەی لەوان جیایان بکاتەوە

غەزالی زۆر زۆر کەوتبوە ژێر کاریگەری ئەو فەیلەسوفانەوە، بەجۆرێك کەهەندێك لەقوتابیانو هاوڕێیان تەعبیریان لەم ڕاستییە کردوە کەجۆرێك لەگاڵتەجاڕی پێوە دیارە کەدەیانووت.

شێخمان (غەزالی) فەیلەسوفەکانی قوت داوە، وە دەیەوێت بیان ڕشێنێتەوە بەپێی توانا.

لەگەڵ ئەوەشدا غەزالی بەویژدانەوە مامەڵەی لەگەڵ فەیلەسوفاندا نەکردوەو مافی خۆی پێنەداون. بەڵکو ستەمی لێکردون تاوانباری کردون بەکوفرو بێباوەڕی هەروەك زانراوە، ئەگەر کۆمەڵی یەکەم بەوەدا ناسرابن کەچڵەپۆپەی داخران بوون لەتێڕوانین یاندا بۆ فەلسەفەی ئیغریق ئەوا کۆمەڵی دووەم زۆر نەرم تربوون لەهەڵوێستیاندا لەگەڵ کەلتورە هاتوەکاندا. غەزالی لەڕوی دوژمنایەتیکردنی بۆ فەیلەسوفان بەپلەی یەکەم دێت بەڵام لەڕوی جیاوازی کردن لەنێوان فەلسەفەو دەست گرتنی بەژیربێژی خراوەتە ریزی کۆمەڵی دووەم. بەڵام ئەگەر لەئاستی ڕواڵەتی گوتارەکەی تێپەڕین بچین بۆئەوەی کەنەی وتوەو ئاشکرای نەکردوە. واتە باس لەسیستەمو بنەماو شێوەی بەرهەم هێنانەوەی بکەین، ئەوا پێویستە بۆچوونی ترمان هەبێت.

***

کۆمەڵی سێیەم ئەوانەبوون لەنێوان موسڵماناندا کە بەتەواوی لەگەڵ یونـاندا توابونەوە زانستەکانیان خوێندبونەوەو لەسەر پرۆگرامەکانیان دەرۆیشتنو رایەکانیان وەردەگرتنو هەمان بۆچونیان هەبوو بۆ خواو جیهانو مرۆڤ، فەلسەفە لای ئەوانە وەك بیروباوەڕ وابوو بۆیان.

بەتایبەتیش فەیلەسوفەکانی وەك/ کندی/ فارابی/ ئیبن سینا/ لەرۆژهەڵات/ ئیبن باجە/ ئیبن توفەیل/ ئیبن روشد/ لەرۆژئاوا. ئەمانە تێڕوانینێکی کراوەیان هەبوو بۆ زانستە هاتوەکانو ئەوەش کەدەیان بینی لەئەبستمۆلۆجیا و دانایی کەسانیتر. بەمانایەکی وردتر بڵێین. شارەزابونیان لەزانستەکانی یوناندا وای لێکردن کەبڵێن عەقڵی مرۆڤی خۆی دەتوانێت پشت بەتواناکانی خۆی

ببەستێت. بەبێ پێویست بوون بەشەرع، بۆ زانینی راستیو بیرکردنەوە لەکردنی کارێك، واتە مرۆڤ دەتوانێت لەرێگەی توێژینەوەو تێڕوانینەکانی بگاتە ناسینی شتەکان بەشێوەیەکی باوەڕپێکراو و دیاری کردنی ئامانجی کردارەکانو جیاکردنەوە باشو خراپو رێزدارو بێرێز ئەمەش وای لێکردون کە بڕوا بەوە بکەن کەلای کەسانیتر هەیەو وەری بگرن.

وە بەشێوەیەکی فراوان سەیری زانستی بکەن کەلای کەسانیتر هەیە و وەریبگرن. وە بەشێوەیەکی فراوان سەیری زانست بکەنو وزاز لەتەسك بینی بێنن و بەشێوەیەك کەڕاستی تەنها قۆرغ نەکرێت لەسەر رەگەزێك یان ئەندامێ: یان ئاینێك یان سەردەمێك. وە ئەم هەڵوێستەش پوختەی بانگەشەی ئیبن لوشربوو بۆ تێڕوانین لەووتەکانی کەسانیتر (نا مسوڵمان) بەدور لەبیروڕای ئاینی خاوەنەکانی) راستی لای ئیبن روشد سەر بەهیچ گروپێك نییە.

گرنگ لەم ووتەیەدا ئەوەیە کە لەسەر بڕوابوون بە بەڵگە بەرهەم هاتووە. بەڵگەو سەلماندنیش ئالیەتێکی زانستی یەکە پێی دەگەیتە باوەڕ لەهەر بوارێکی ئەبستمۆلۆجیاداکە بتەوێت. وە ئەم ئالیەتەش ئەرستۆی فەیلەسوفی یونانی بەشوێ‌ی داگەڕاوەو وتەی ئەوانی خۆی تێدا کردوە بەشێوەیەکی کەبواری زیادووتن نەبێت لەسەری لەوەدا کەجەوهەریو بنەڕەتییە. وە بەوشێوەیەش کەفەیلەسوفە مسوڵمانە پێشینەکان سەیری ئەم بابەتەیان کردووە بەتایبەتی فارابیو ئیبن روشد، لەبەرئەوە بەناچاری پێویستە دەست بە ئەم ئالیەتەوە بگیرێت.

بەم شێوەیە فەیلەسوفە مسوڵمانەکان سەیری فەلسەفەو زانستو راستیان کردوە کەتێڕوانینێکی رەهاو گشتگیرو ئەبستراکتە. وەك مەرجەعێکی کەلتوری سەیری فەلسەفەو زانستو راستیان کردوە کەتێڕوانینێکی رهاو گشتگیرو ئەبستراکتە، وەك مەرجەعێکی کەلتوری سەیری فەلسەفەی یونانیان کردوەو وێنای شتەکانیان بەشێوەیەکی تایبەتی بەپێی نمونە ئەرستۆییەکە کێشاوە، وە فەیلەسوفان لای ئەوان لەسەرەو رەخنەو مشتومڕ گومانەوەن، هەرچەند فارابی لەڕوی مەبدەئیەوە بەپێویستی زانیوە کە لەووتەی پێشینەکاندا هەڵەو راست لەیەکتر جیابکرێتەوەو بەپێی ئەوەی کامیان لەگەڵ راستیدا دەگونجێتو کامیان ناگونجێت.)

لەڕاستیدا فارابی گەورەترین دانای ناودارbوو لەنێوان فەیلەسوفەکانی ئیسلامدا لەڕوانگەی هەڵوێستو هوشیارییەوە لەپەیوەندی لەگەڵ ئەفلاتونو ئەرستۆدا. وە لەبەرئەوەی لێرەدا باس لەتێڕوانینی مسوڵمان دەکەین بۆ نامسوڵمان، فارابی لەم روەوە چڵەپۆپەی کرانەوە دەنوێنێـ ەلگەڵ کەسانیتردا لەوانەش یونان. سەرەڕای جیاوازیان لەزمانو کەلتورو سەردەمو ئایندا وە ئەم تێڕوانینەش پێچەوانەی بۆچوونی تایبەتیانەی رەهاو داخرانە بەسەر خود دا، فارابی فەلسەفە توشی خلیسکانی کردو سەری سوڕما بوو لەئاست نمونەی یونانیدا، لەگەڵیاندا تێکەڵاوبوو، فیکرەکەیانی وەك نیمچە باوەڕێك وەرگرت، لەزانستی یونان دا تێڕوانینو ئالیەتەکانی بنیات نا هەروەها پڕۆگرامو بیروڕاش لەیەك کاتدا، هەرچەند فەلسەفە دادەنرا بەشتێکی هاتوو لەڕوی سەرچاوە کە (کۆن بوو) وە لەڕوی دروست بوونو سەردەمەکەیشەوە، لێرەدا دەتوانین بڵێین فارابی بۆی دەرکەوت کە ئەم زانستانە تازەو هەنوکەیین لەڕوی پڕۆگرام و تێڕوانینەکانیدا. فارابی بەجۆرێك سەیری فەلسەفەی کرد کەزانستێکی راستو ئەبستراکتە لەڕوی زەمانو شوێنو دەوروبەرو مەرجەکانییەوە. بەجۆرێك سەیری ئەرستۆی دەکرد کەفەیلەسوفێکی سەردەمە وەك د. حنفی دەڵێت نەك یونانیەیەك یان فەیلەسوفێکی کۆن بێت، لەبەرئەوە ئەرستۆ ئەرکێك لەوە

پیرۆزترو بەڕێزتری نەدەزانی کەهەستێ بەراڤەو رون کردنەوەی ئەوەی کەلەئەرستۆو ئەفلاتونەوە وەرگیرابوو، بۆ خەڵکو گەلی زەمەنی خۆی فارابی زۆر سەرسوڕمانێکی عەقڵی بەفەلسەفە پەیدا کردبوو. وەبەجۆرێك سەیری دەکرد کەبنەمای بنیات نانی زانستو ئەبستمۆلۆجیایە لەکەلتوری ئیسلامیدا، وە لەفەلسەفەدا چارەسەری بۆ مل ملانێی نێوان گەلو ئاینەکانو جیاوازیەکانی راڤەو تەئویل دەبینی، ئەوەش لەم بارەدا نمونەیەك بوو بۆ مۆدێرنیزمی فیکری لەلای فارابی.

ئەگەر عەرەبو مسوڵمانە مۆدێرنیزمەکان سەیری رۆژئاوای نوێیان کردوە واتە ئەوانەی لەڕوی زەمەنەوە لەوان نوەێترن، وە ئەوەشیان بەمۆدێرنیزمی فیکری لێك داوەتەوەو کاریگەر بوون پێیو شوێنی کەوتوونو وەریان گرتووە بەڵام فارابی ئەو مۆدێرنیزمەی لەفەلسەفەی لەپێشینەکاندا بینیوە. سەرەڕای ئەوەی کەماوەی زەمانی لەگەڵیاندا زۆرتر بوە لەماوەی نێوان ئێمەو ئەو فەیلەسوفە مسوڵمانە لەڕاستیدا فەلسەفەی مامۆستای یەکەم لەدیدی زۆر لەزانایانی ئیسلام بیرمەندەکانیدا بەجۆرێك دەبینرا کە بە ئەو زانستە یان دادەنا کە کەس ناتوانێت پشت گوێی بخاتو وەرینەگرێت، واتە ئەو زانستەی کەزەمەنی بەسەر ناچێت. ئەمەش وامان لێدەکات کە بڵێین مۆدێرنێتی فیکری چمکێکی زەمەنی نیە، بەمانایەکی وردتر بڵێین نابێت بەشێوەی هێڵی بەیانی هەڵچوو داچوو سەیر بکرێت هەموو بیرمەندێکی گەورە نوێیە، بەڕێژەی ئەوەی کەفیکرەکەی بەکەڵکمان دیت لەم سەردەمەدا لەروی زەمەنو جیهانی بونیەوە. لەم روانگەیەوە ئێستاش فارابیو غەزالیو ئیبن عەرەبی زۆتر مۆدێرنن، واتە زۆر گونجاوترن بۆ ئێستا لەزۆر کەسی هاوچەرخ، وەدەبێ بزانین کەمۆدێرنیزمی داهاتوو واتە تازەکردنەوەی مۆدێرنیزم خۆی پێویست دەکات لەسەرمان کە بگەڕێینەوە بۆ پێشینەکان سەرلەنوێ. بۆ تێگەیشتنەوە لەکەلەپورو چەسپاندنی بنەما رەسەنەکان بۆ دەست کردن بەبنیات نانەوەو دامەزراندن. واتە بۆ گێڕانەوەی تەئویل، نوێگەریش بریتیە لەتەئویلی شتی کۆن هەروەك هەنگاومان ناوە بۆی)٢٤

ئەگەر فارابی فەلسەفەی بنیات نابێتو هەوڵی دامەزراندنەوەی کەلتوری ئیسلامی دابێت بەڵام لەهەمان کاتدا هەستاوە بەتازەکرنەوەو پەرەپێدانی فارابی بیرمەندێکی گەورەیە. بیرمەندیش لەزەمەنی خۆیدا دەژیو سەردەمی خۆی هەیە.

دڵی بەئایندەی ئەزمونەکەی خۆشە بەوردی سەیری دەکاتو ئاگاداری هوشیاری خۆیەتیو بەعەقڵ مامەڵە ەلگەڵ جیهانی خۆیدا دەکات فارابی لەسەری پێویست بوو کە بیربکاتەوە لەو گرفتانەی کە کۆمەڵگاکەی دەیانخستە بەردەمی وە لەو بابەتانە ورد بێتەوە کە کەلتورەکەی دەیان وروژاندن.

تێڕوانینی تایبەتی هەبوو لەسەر چۆنیەتی سەرهەڵدانی زمانەکانو مەعریفە جیاوازەکان، وە لێکۆڵینەوەی دەکرد لەسەر چۆنیەتی پێگەیشتنی نەتەوەکانو دانانی یاسا، وە هەستاوە بەژماردنی زانستەکانی سەردەمەکەیو دوبارە پۆلێن کردنەوەی وەهەوڵیداوە لەدیاردەی پێغەمبەرایەتی تێبگاتو جارێکیتر پەیوەندی نێوان فەلسەفەو شەریعەت رێك بخاتەوە بێگومان بەمەش کاری کردوە لەسەر تازەکردنەوەی فیکری فەلسەفی لەکەلتوری عەرەبی ئیسلامیدا.

ئەگەر تازەگەری بریتی بێت لەبنیات نانەوە. ئەوا گێڕانەوە تەنها بریتی نیە لەدوبارەکردنەوە یان تەنها راڤەو رون کردنەوەی دەقەکان بێت بەڵکو بریتیە لەگێڕانەوەی تێگەیشتنو بنیات نانەوەیەکی نوێیە بۆ کرانەوە بەڕ،ی واقیع دا. ئەمەش ئەوکارە بوو کە فارابی پێی هەستاوە

لەدانراوەکانی‌دا کە دەردەکەوێت تیایاندا کە هەستاوە بەخوێندنەوەیەکی تایبەتی بۆ ئەو واقیعەی کە هەبوە لەگەڵ تێڕوانینە تایبەتی‌و دیارەکانی خۆی بۆ خۆی‌و بۆ جیهان، گومانی تێدا نیە کە بنەماکانی ئەو تێڕوانینەو زاراوەکانی بەڕێژەیەکی زۆر یۆنانین، بەڵام لەهەمان کاتدا تێڕوانینێکی کراوەو گەشبینانەیە بەسەر رواڵەتە ئیسلامیەکەدا، واتە لەسەر پێغەمبەرایەتی و روداوە قورئانی‌یەکان، وە کەدەبینین فارابی لەفەلەسەفەکەیدا لەووتەی مامۆستای یەکەم دەدرەچێت‌و لێرەوە سیستمی فیکری جیاواز دەبێت لەسیستمی فیکری مامۆستاکەی، ئەمە مانای تێکەڵ کردنی ووتەکانی ئەفلاتون‌و ئەرستوو ناگەیەنێت، ئەمە مانای ئەوە نیە کە رەگەزێکی نوێی خستبێتە سەر فەلسەفەی مامۆستای یەکەم، وەك ئیبن روشد دەڵێت، وە گێڕانەوەی رەگەزەکانی هرمسیش نەبوە هەروەك هەندێك لەهاوچەرخەکان دەیڵێن، بەڵکو هۆی سەرەکی ئەوەبوە کەفارابی وەك فەیلەسوفێك پێویست بوو بیروڕا لەسەر شتێك دەربڕێت کە لە زەمەنی ئەرستۆدا نەبووە، پێویست بوو لەسەری کەبەشێوەیەکی عەقڵانی لەئەو دیاردەیە تێبگات کەبنەمای کەلتوری ئیسلامی لێ پێکهاتبوو ئیلهامێکیش بوو بۆ عەقڵی عەرەبی ئیسلامی.

زۆر چەمکی‌تر کەفارابی بەکاری‌هێناون لەخوێندنەوەی سروشت‌و رێکخستنەوەی پەیوەندی نێوان جیهانی هەست پێکراوو جیهانی واقیعدا. وە ئەگەر ئەمەش تەعبیر لەکرۆکی (هرمسیەت) بکات یان بنیات نانی پەیکەرێکی هرمسی یان تێکەڵ کردنێك بێت لەنێوان خواناسی هرمس‌و خواناسی ئەرستودا) لەئەنجامی ئەوەوە ئەنجامێکمان دەست دەکەوێت کەس ناتوانێت بڕوای پێبکات‌و خۆی بداتە دەستی" وە ئەگەر بیروڕامان وابێت کە هەرچی ئەرستۆی نەبێت لە پێکهاتەی فەلسەفی فارابی‌دا مەبەستیشمان لەمە هەوڵەکانێتی بۆ کرانەوە بەڕ‌ی وەحی‌و یان هەوڵە عەقڵیەکانی یان هەوڵدان بۆ کرانەوەی بەڕوی جیهانی خواناسی‌دا. هەروەك لەئاسۆکانی فەلسەفەدا دەبینرێت.

ئەگەر ئەمانە بەوە لەقەڵەم بدەین کە شوێنکارێکە لەشوێنکارەکانی هورمسی‌و میراتێکە لەمیراتەکانی "عەقڵی سەربەخۆ" کە لەهرمس‌و عەقڵی غنوص) دا خۆی دەنوێنێت. هەروەك لەم بارەیەوە جابری بڕوای وایە. ئەمە دەمانباتە بۆئەوەی کە رەسەنایەتی لەفارابی‌دا بسڕینەوە، دووەمیشیان بەرپەرچ بوونی تێڕوانینێکی رەسەن‌و بنچینەیی بدەینەوە کەعەقڵی عەرەبی ئیسلامی هەیبوە. واتە ئەوکاتە دەبێت وەحی ئیسلامی بەجۆرێك لە خەیاڵ یان بەشێوەیەك لەشێوەکانی هەمسی لەقەڵەم بدەین، وەجابریش بەو بیروڕایەی دەیەوێت بگاتە ئەو ئەنجامە مەترسیدارە، سەرەڕای ئەوەی کەتێگەیشتنی بۆ مامۆستای یەکەم وردو تەواو نیە، وە جابری نەدەگەیشتە ئەم ئەنجامەش ئەگەر پێك چواندنی نەکردایە لەنێوان ئەرستۆو عەقڵ یان بەمانایەکی وردتر بڵێین بەڵگە. جابری وای داناوە کە مامۆستای یەکەم (عەقڵێکی گەردونی) دەنوێنێت، وە هەر دەرچونێك لێی دەرچوونە لەبەڵگەکان. وەهەر کەسێك سەرپێچی بکات دەچێتە بازنەیەکی ناعەقڵانی دور لەڕاستی ئەم تێڕوانینەیە کەجابری توشی گێژاوێك کردووە واتە ئەرستۆی کردۆتە ستاندارد بۆ دادگایی‌کردنی فەیلەسوفە مسوڵمانەکان، وە لەبڕیارێکی پێش وەختەوە هەستاوە بەشیتەڵ کردنی عەقڵی عەرەبی‌و رەخنەگرتن لێی، ئەمەش بەرپەرچ دانەوەی هەموو شێوازێکی گونجاوو عەقڵانی‌یە، وە بۆ هەموو نمونەکانی مەعریفی کە لەشێوازی یونانی‌و ئەرستۆیی جیاوازبن

چونکە ناکرێت بڵێین ئەوەی لەگەڵ ووتەکانی مامۆستای یەکەمدا گونجا ئەوە بەڵگەدارو سەلمێنراوە، وە ئەوەش کە لەگەڵی دا نەگونجا بێ بەڵگەیە.

وە ئەوەی کە لەپێکهاتەی فیکری فارابیدایەو جیاوازە لەئەستۆو بەوشێوەیە راڤە ناکرێت کەهەست بەجیاوازی بکرێ لەنێوان دوو زەمەن‌و دو جیهانی کەلتوریدا، وە ئەگەر فارابی جیاواز بووبێت لەمامۆستاکەی لەبەرئەوە بووە کەهەوڵی داوە لەشتێك تێبگات کە ئەرستۆ تێی نەگەیشتوە. ئەمەش دەکەوێتە کاکڵەی چالاکیەکانی فەلسەفەوە. چونکە فەیلەسوف بیر لەشتێك دەکاتەوە کە کەسانیتر بیریان لێنەکردۆتەوە فارابی هەوڵیداوە کە بەشێوەیەکی عەقڵانی کە لەئەو روداوە گەورە تێبگات کە بەموعجیزەی عەرەبی ناسرابوو، لەم کارەشیدا ئامێرەکانی سەرسورهێنەری یونانی بەکاردەهێنا، هەوڵەکانیشی بۆ نوێکردنەوەیەکی فەلسەفیانەی شەریعەتی ئیسلامی بوو.

بێگومان لای فارابی بەیەك گەیشتنێکی فەلسەفەو پێغەمبەرایەتی دەبینین کە لەڕوی سەرچاوەوە کۆیان دەکاتەوە کەلێیەوە دێن وە ئەو ئاسۆ بەرزانەی کەهەردوکیان بەسەریدا دەکرێنەوە. کەتیایدا هاوبەشن. کە ئەمەش ەبڕونی لەکتێبی (رای خەڵکی شارە رێزدارەکە)دا دەردەکەوێت پێغەمبەرو فەیلەسوف لەتێڕوانینی ئەودا هەردوکیان سروشیان بۆ دێت یەکەمیان لەرێگەی خەیاڵەوە بۆی دێت‌و دوەمیان لەرێگەی عەقڵیەوە، فارابی بەم کارەی دو بواری بەیەکەوە کۆکردۆتەوە ئەویش بواری فەلسەفەو ئاینە، لەرێگەی چەمکی وەحیەوە، لەم روانگەیەوە فەلسەفەشی وەك ئاین سەیر کردوە کە وەحی بۆ دێت، ئەمەش وای کردوە کە لێکۆڵەرەوانی لەسەر فارابی بەشێوەی فەلسەفەی بەیەکەوە گونجان‌و پێکچواندن سەیریان کردوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەرچەند فارابی فەلسەفە بەوە باس دەکات کە وەحیەك بێت یان پەیوەندیەك بێت لەگەڵ خودا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەحی خوێندۆتەوە لەبنچینەداو باش تێیگەیشتوە بەڵام دەیەوێت خوێندنەوەیەکی عەقڵی بۆ بکات بەئالیەتێکی فەلسەفی. بەوتەیەکیتر وەحی لای ئەو هەوڵێکە بۆ گەیشتن بە پلەی کامڵ بوون لای مرۆڤ، ئەویش بەگەیشتن بەجەوهەری عەقڵێکی پوخت دەبێت.

پەیوەندی دەکات بەجیهانێك لەدەرەوەی ئەم جیهانە، کە کەڵکی لێوەردەگرێ‌و لەگەڵێدا یەك دەگرێت) ، ئەمەش چرکەساتی یەکگرتنی عەقڵی مرۆڤە لەگەڵ عەقڵی خوادا، خوا لای فەیلەسوفە مسڵمانەکان تەنها عەقڵە) بە یەکگرتنیان مرۆڤ دەگاتە حاڵەتێکی یان پلەیەك کە دەتوانێت لەخوا تێبگاو لەگەڵیدا یەك بگرێت.

وە کرانەوە بەڕوی جیهانی خواناسیدا شتێکی نامۆ نییە لەفەلسەفەی ئەرستۆدا. چونکە ئامانجی مرۆڤ لای مامۆستای یەکەم بریتییە لەخۆپێکچواندنە بەژیانی خواوەند، لەم روانگەوە تێڕوانینەکانی ئەرستۆ کراوەن بەسەر خوداناسیدا.

هەروەها پرۆگرامەکەشی واتە بەڵگەو سەلمانەکانی تەئویل دەکرا بەپێی هەستەکانی باڵا، چونکە سەلماندن لێرەدا لەسەر چەند بنەمایەك دادەنرێت کە ناتوانرێت بسەلمێنرێت بەڵکو لەرێگەی ئەو هەستانەوە هەستی پێدەکرێت)

ئەگەر سیستمی کاری ئەرستۆ کرانەوە بێت بەسەر میتافیزیك‌و شتەکانی دەرەوەی عەقڵ، لەبەرئەوە زۆر پێویست ترە کە سیستمی کاری فارابی بکرێتەوە بەڕی بازنەی خوداناسیدا.

لەکاتێکدا ئەو لەناوەندێکدا دەژیا کەجیهانێکی کەلتوریەو رەگو ریشەی لەپێغەمبەرایەتیو نمونەکانی وەحیەوە وەرگرتووە.

فارابی لەم بابەتەدا ووتەکانی یونان دەهێنێتەوەو جارێکیتر دای دەڕێژێتەوەو تەئویلی بۆ دەکات لەژێر رۆشنایی زانستو ئەبستمۆلۆجیای ئیسلامیدا.

وە ئەگەر فەلسەفەو پێغەمبەرایەتی لەرێگەی بیرۆکەی (وەحی)یەوە لەلای فارابی یەکتر دەبڕن، ئێمە ناچینە ژێر کاریگەری ئەو ووتەیەوەو بلێین فارابی سەرکەوتوو بوە لەپێکەوە گونجاندنی ئاینو فەلسەفەدا. وەك هەندێك لەلێکۆڵینەرەوان لەسەر فارابی ووتویانە، وە ئێمە لەم بوارەدا تەنها یەکتر برینێك دەبینین هیچیتر.

وە ئەگەر بمانەوێت بەشێوەیەکی وردتر لەسەری بڕۆین دەلێین فارابی لەکۆتایدا ویستویەتی کەواقعیەتو عەقڵانیەتی وەحی دەربخات ئەویش بەوەی کە وەحی بکاتە بنەمای ئەبستمۆلۆجیاو بەڵکو ئاسۆکانیشی. هەروەها لەڕوی دووەمەوە هەوڵی داوە خوێندنەوەیەکی عەقڵی بۆ پێغەمبەرایەتی بکات ئەویش بەپێکەوە بەستنیەتی لەگەڵ خەیاڵ دا وە ئەگەر فەلسەفە لەلای فارابی وەرگرتنی شتە گونجاوەکان بێت لەلایەن عەقڵی مرۆڤەوە، ئەوا پێغەمبەرایەتی یان جیهانی عەقڵانی نەك بەعەقڵیو بۆچونەکانی بەڵکو لەڕێگەی خەیاڵێکەوە کەبگونجێت لەگەڵیدا لەڕێگەی نمونەی باڵاو، رەمزو بۆنەکانیەوە، بەووتەیەکیتر دەاتوانین بلێین ئەگەر فەلسەفە وێناکردنی راستیەکانو بەلگەهێنانەوە بێت لەسەری، ئەوا پێغەمبەرایەتی وێنە باڵاکانی راستیو خەیاڵەکانی دەکێشێ.

لەبەرئەوە ئێمە وتمان کەفارابی ئەوەندەی کەپێغەمبەرایەتیو ئاینی خوێندۆتەوە بەخوێندنەوەیەکی فەلسەفی ئەوەندە هەڵنەستاوە بەهاوسەنگ کردنی ئاینو فەلسەفە. لەتێڕوانینی فارابیدا فەلسەفە بریتیە لەبنەمای بنیات نانی ئاینو بەلگەشی بۆ دەهێنێتەوە. وێناکانی بۆ دەکێشێو دەیخاتە قالبێکی عەقڵانیەوە.

واتە دەیکاتە شتێکی کەعەقڵ وەریبگرێتو بەئاسانی تێی بگەیت، بەڵام ئاین دەکەوێتە ژێر فەلسەفەو دەبێتە پاشکۆی و پێوەیگرێ دەدرێت ئەویش وێنەیەکە وەك ئەو دەبێتە چیرۆك خوانی ئەو)

فارابی بەچاوێکی یەکسان سەیری فەلسەفەو پێغەمبەرایەتی نەکردووە واتە بەشێوەیەك باسیان بکات کەدو بنەمای کەلتوری هاوشێوەن یان دو نمونەی ئەبستمولوجی لێك جیاوازن، بەڵکو رێزی یەکەمیانی داوە بەسە. دوەمیاندا هەروەك ئیبن ئوفەیل باسی دەکات)

هەرچەند فارابی بەهۆی کرانەوەو تێگەیشتنی لەڕاستیەکانی ئاینو عەقیدە وای لێکردوە بەچاوێکی یەکسان سەیری ئاینەکان بکاتو لەوباوەڕەدا بێت کە کۆمەڵە ئاینێکی رێزدارو باڵای جیاواز هەن هەروەك چەند گەلو نەتەوەیەکی رێزداری زۆریش هەیە لەسەر زەوی).

بەڵام لایەنگیریکردن بۆ فەلسەفە وای لێکردوە کە فەلسەفە وەك راستیەکی (یەکتاو یەکگرتوو) ببینێت کە جیاوازیو دژایەتی هەڵ ناگرێت وە بنەمایەکیشە بۆ دامەزراندنو بنیات نانی هەموو ئەبستمولۆجیاو زانستەکانیتر.

بە بڕوای فارابی جیاوازی شتێکی دروستە لەنێوان ئاینو گروپو رێچکەو ئاینزاکان، بەڵام هەرگیز ئەمەی پێدروست نیە بۆ بواری فەلسەفەو رێگە بەبوونی نادات. لای ئەو ئاینەکان

جیاوازن چونکە نمونەی باڵان بۆ نیشاندانی راستی، زانایانی بواری زمانیش دەکرێت جیاوازبن چونکە ئەوان پیشەیان راگۆڕینەوەو مشت و مڕە، بەڵام فەیلەسوفەکان لەبۆچوونی فارابیدا ناکرێت جیاوازبن چونکە ئەوان خاوەنی بەڵگەو سەلماندنن.

فارابی بەم شێوەیە شتەکانی بەچاویلکەی فەلسەفە دەبینی، لەکۆتایشدا دەتوانین بڵێین فارابی فەیلەسوف بوو، فەلسەفە تاکە ئامانجی هەڵبژێردراو بو لای ئەو، تەنانەت بوو بوە بیروڕاو پێناسیشی.

وە هەموو خاوەن پێناسێکیش بەدور نییە لەلایەنگیریو رەگەزپەرستی. ئەگەر گەورەترین فەیلەسوفیش بێت، چونکە هەموو کەس شتەکان بەئاوێنەی خۆیو چاویلکەی پێناسەکەی دەبینێت.

لەواقیعدا هەنوکە تێڕوانینمان بۆ فەلسەفەو زانستو راستی جیاوازە لەتێڕوانینی فارابی وەلەتێڕوانینی پێشینەکان و فەیلەسوفەکانی سەردەمی کلاسیکی. واتە ئێمە ئەمڕۆ بەجۆرێك سەیری فەلسەفە دەکەین تەنانەت لەڕوی ژێربێژی فەلسەفیشەوە کە زۆر نەرم ترو کراوەترە، بەڵکو ئێستا بەعەقڵێکی رەخنەگرانەوە مامەڵە لەگەڵ فەلسەفەدا دەکەین.

وە بەتایبەتی ئەگەر سەیری مێژووی فەلسەفە بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کەتیۆرە ناودارەکان هەندێکی دژی هەندێکیانە، بەڵکو هەندێکیان نەوەی دوای خۆی دەسڕێتەوە لێرەوە دەڵێین کەفەلسەفە لەسەرو گفتوگۆو مشتو مڕەوە نییە، بەڵکو تێڕوانینێکە کە دەکرێت بخرێتە ژێر پشکنینو رەخنەوە.

با لەگەڵ (بول ریکور)دا بڵێین (رێکخەرێکی راڤەییە) بۆ جیهان واتە چەند خوێندنەوەیەکی جیاوازە، کە لەم رێگەوە مرۆڤ تەئویلی پەیوەندیەکانی بەبونییەوە دەکاتو مانایەك دەخاتە سەر جیهانەکەی خۆی، بەم شێوەیە فیکری هاوچەرخ تێڕوانینەکانی خۆی دەربارەی هەوڵە فەلسەفیە بەپێزەکان دەخاتەڕوو، کە وەسفی دەکات بەوەی کە تەئویل کردنە بۆ ئەو شتانەی کە مرۆڤ دەیانناسێت وە ئەوەش کە دەیچەسپێنێتو ئەنجامی دەدات. هایدگەر لەکتێبی (بوونو زەمەن) کە یەکێکە لەگەورەترین هەوڵە فەلسەفیەکان لە ئەم سەدەیەدا. دەڵێت پرۆگرامی سەرەکی بۆ تێگەیشتنی بوون بریتییە لەمەنهەجی تەئویلی)

لەکاتێکدا کە پرۆگرامی تەئویل شتێکی تازەیە لەفیکری هاوچەرخی رۆژئاوادا. بەڵام هەرگیز نوێ نییە لەفیکری عەرەبی ئیسلامیدا، ئەم چەمکە یەکێك بووە لەزاراوە سەرەکییەکان لەبواری رون کردنەوەو شرۆڤەو تێگەیشتنو راڤەدا. زانستی زمان لەسەر تەئویل دامەزراوە، وە فەلسەفەشی بەتایبەتی لەسەردەمی ئیبن روشددا پرۆگرامێکی تەئویلی بەخۆوەگرت، لەراڤەی دەقو دوبارەکردنەوەی خوێندنەوەکان، لەبەرئەوە چالاکی عەقڵی ئیسلامی بریتییە لەگەشتێکی تەئویلی لەماناکانی مەجازی زمان دا).

تێڕوانین بۆ فەلسەفە لەڕوانگەیەکی تەئویلییەوە، بێگومان ئاسۆکانی فیکری فەلسەفی دەکاتەوە بەسەر بوارەکانی مەعریفەی تردا وەك شیعرو ئەفسانەو ئاینو لێرەدا هەوڵدان لەنادیارو شیکردنەوەو هەستەکانو بەڵگەهێنانەوەو پشکنینو سەلماندن یەکتر دەبڕن، فیکریش پێویستی بەراڤەو تەئویل هەیە) فەلسەفەش لەکۆتایدا سەلماندنی تەواو نییە سەلماندنیش ئەنجامەکان رێك

دەخاتو پێشەکی و بنەمای بۆ داناڕێژێت چونکە پێشەکیو بنەماو بناغە بریتی‌یە لـەکاری هەستە بالآکانو ئاشکراکردنی نهێنیەکانو کرانەوە بەروی جیهانی مانادا.

ئەگـەر ئـەرکی هـەموو فەیلەسوفو زانـاو هـەموو قوتابیـەکی مەعریفـە گـەڕان بێــت بەشــوێن راستی‌یەکی ئەبستراکتو رەهادا، راستی لەلای مرۆڤ ناتوانرێت لـەبوارە کەلتوریـە تایبەتی‌یەکـەی جیابکرێتەوە. واتە زۆر گرانە کە لەپێناسی ئەو کەسانە جیابکرێتەوە لەکار لەسەر بەرهەم هێنـانو دانی پێدانانی دەکەن.

راسـتە کـە عـەقڵ دەتوانێـت مرۆڤایـەتی یـەك پـێ‌بگرێتو تایبـەت مەندیـەکان کۆبکاتــەوەو سروشتێکی گشتی زاڵ بکات بەسەر تایبەتی‌یەکانداو پەرەی‌پێ‌بدات بەشێوەی بەش بەشو هەست پێکراو و دیار بەرەو گشتیو ئەبستراکتو بالآ.

بەڵام عەقڵ زۆرجار رۆڵی دابڕاندنو بـەپیرۆزگرتن دەبینێـت یـان پـەنا دەباتـە بـەر پێکچوانـدن لەهــەمان کــاتدا. وە پێکچواندنەکەشــی شــوێنکارە تایبەتی‌یــەکانی خــود هــەڵدەگرێت، هــەر لەکۆنیشەوە زانایانی عەرەب ئەمەیان جوڵاندووە لەبەربەرچ دانەوەی ژێر بێژەکـاندا، بەشـێوەیەك سەیری ژێربێژی یونانیان نەکردووە بەوەی کەپێوەری رەها بێت بۆ زانسـت، بـەڵکو پەیوەسـیتان کردۆتەوە، بەزمانی ئیغریقو فکرەکەیان) بەم شـێوەیە، پێویسـتە کـەوا سـەیری ئەبسـتمولوجیای بەرهەم هاتوو لەفەلسەفەو زانستی مرۆڤایـەتی نـەکرێت کەرەهایـەو دورە لـەپێوەندەکانی شـوێنو کات، چونکە بۆ سەرهەڵدانی هەر راستی و روداوێك پێناسی تایبەتی خـۆی هەیـە، وە ئـەمڕۆ ئێمـە کـەمتر هیوامـان هەیـە وەك لــەوەی کــە لــەپێش دادەبیــنرا ســەبارەت بەناسـینی راسـتی‌یەکی ئەبسـتراکتو گەیشـتن بــەئارامی وە ئــەم دوو هیوایــە زۆر بــەڕێز بــوون لــەلای فــارابی هــەموو فەیلەسوفەکانی‌تر.

ئەمـەش مانـای ئـەوە نی‌یـە کـەباوەڕ بـەو ووتەیـە بکـەین کـەدەڵێت زانسـتە مرۆڤی‌یـەکان (هەڵخەڵەتێنەرن) و رێگریشن لەناسینی خودو بەرامبەر. لـێرەدا دەگەڕێینـەوە بۆئـەوەی کـەبڵێین، ناسینی خودی مرۆڤ، ناسینێکی تەئویلی‌یە لەم رێگەیەشەوە. خۆی هوشیار دەکاتــەوەو لـەبوونی خـۆی دەڕوانێـتو بەعەقلآنیانـە مامەڵـە لەگـەڵ جیهانـە تایبەتی‌یەکـەیدا دەکـات، کەهەڵدەسـتێ بەتەئویل کردن یـان تـەئویل کردنـەوەی هـەموو وتـەو شـتێکی ووتـراو، واتـە تـەئویلی کـە لـەپورو گوتاری کەسانی‌تر دەکات، ئەگەر لەرێگـەی عەقڵـەوە ئاشـتەوایی بکرێـت لـەنێوان هەسـتەبالآکانو بەڵگەهێنانەوەدا، ئەوا لەرێگەی تەئویلەوە مرۆڤ دەتوانێت کەلەپوری خـۆی بگێڕێتـەوەو پرسـیار لەبنەماکانی بکاتو کەلتورەکەی تازە بکاتەوە. لەسەر مانایەك بۆ بوونی بوەستێت.

وە لەرێگـەی تەئویلـەوە، کـە کرانەوەیـە بەسـەر (فـرە مانـایی)دا، تـاك بـەڕوی بەرامبـەردا دەکرێتەوەو پەیڤینی لەگەڵ دەکاتو پرسیاری لێ‌دەکاتو لەگەڵیدا دەگونجێت.